عێراق پابەندە بە فراوانکردنی هاوکارییە دیجیتاڵییەکان لەگەڵ نەکیا لە سەرانسەری کەرتە جیاوازەکاندا



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران، ئەمڕۆ دووشەممە، پابەندبوونی عێراقی بە بەردەوامیی هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای نەکیا دووپاتکردەوە و ئاماژەی بۆدا کە عێراق دەستپێشخەریی گرنگی سەبارەت بە گۆڕینی دیجیتاڵی و زیرەکی دەستکرد لە میانی لوتکەی عەرەبیدا خستەڕوو.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڕیاویکردەوە"سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە بایەزی کەماری فنلەندا لە عێراق خاتوو ئانێ سارلا بە یاوەری شاندێکی نوێنەرانی هەردوو جەبهەجەکاری کۆمپانیای نەکیا کە کۆمپانیایەکی فینلەندی تایبەتە بە بواری پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیای زانیاری.

وتیشی لە دیدارەکەدا چڕیەتی پڕۆپەدانی هاوکاری بەتایبەتی لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی مەدەرن تاوتوێ کرا، و شاندی کۆمپانیاکە ڕوونکردنەوەیەکی وردیان لەبارەی بەرنامە و پلانەکانی بۆ جەبهەجەکردنی پڕۆژەی گۆڕینی دیجیتاڵی و خزمەتگوزارییەکانی لە بواری زیرەکی دەستکرد و نەوەی پێنجەمی پەیوەندییەکان پێشکەش کرد.

سودانی جەختی لە پەرەشی عیراق کردەوە بە بەردەوامبوونی هەماهەنگی لەگەڵ نەکیا، بۆ دەستبەرکردنی ژێرخانی پەڕژەی گەیینی دیجیتاڵی لە فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان، و لە کۆرتە جیاوازەکاندا.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بۆکرد کە حکومەت بناغەی یاسا و یاساکانی داناوە و ناوەندەکانی پێویست بۆ پەرەپێدانی ئیم تەکنەلۆژیایە و دابینکردنی تەکنەلۆژیای پێویستی دامەزراندووە، ئاماژەی بۆشکرد کە عیراق لەماوەی لووتکەی عەرەبیدا دەستپێشخەری گرنگی سەبارەت بە گەیینی دیجیتاڵی و زیرەکی دەستکرد پێشکەشکردووە.

لە لای خۆیەوە باڵوزی فنلەندا پیرەزبایی لە سودانی کرد بەبۆنەی سەرکەوتنی هەکخستنی لووتکەی عەرەبی و بەهەزکردنی هەڵی عیراق لەسەر ئاستی عەرەبی و ناوچەییەوە و سەرکەوتنی حکومەت لەدابینکردنی خزمەتگوزاری و جێبەجێکردنی پەڕژەکانی گەشەپێدان و جەختی لەوە کردەوە کە نەکیا سوورە لەسەر بەشداریکردنی کاریگەر لە دابینکردنی ژێرخانی پەڕژەی گەیینی دیجیتاڵی لەگەڵ گرێبەستکانییەوە لەگەڵ کەمپانیا عیراقیەکان.